# ئازادی ڕەنگەکان

بۆ هاوبیر ئاکۆ محەممەد و هاوبیرانی تر

کاوە ئەمین



کوردستان تی ڤی ڕاپۆرتێکی تایبەتی لە سەر کۆبونەوەی کۆمەڵە هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی کوردستان لە دەڤەری سۆران، بڵاوکردەوە، کە بە بۆنەی هەڵوەشانەوەی ڕژێمی بەعسی عەرەبی ڕێکیان خستبوو. ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرە ژمارەیان ٣٥ کەس بوو کە هەمانکات سیمبوڵێک بوو بۆ ژمارەی ساڵەکانی ڕژێمی سەددام لەسەر حوکوم. کۆبونەوەکە لەسەر شاخی حەسەن بەگ کە هێشا قەفی مێزەرە سپیە زستانیەکەی بەتەواوەتی لە خۆ نەکردبووەوە، ڕێکخرابوو.

چیای حەسەن بەگ کە شایەتی دەیان داستانی پێشمەرگەی ئەو ولاتی کوردەوارییەیە و خوێنی دەیان و بگرە هەزاران ڕۆڵەی کوردی لەسەر گاشەبەردەکانی ڕژێندراوە، لە بەهاری ئەمساڵی ئازادییدا میوانداری کۆمەڵێک کوردی ولاتپارێزی کردبوو کە هەریەکەیان بە جۆرێک و بە ڕەنگێک دەیانویست ئەو گاشە بەردانە بنەخشێنن و مێژوویەک لەسەر بەرد بنووسنەوە کە نەوەکانی کورد هەزاران ساڵی تر شانازیی پێوەبکات.

مەگەر ئەوانەی کە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا مێژوویان نووسیوەتەوە چیان لەو هونەرمەندە خامە ڕەنگیانانەی ئێمە زیاترە. ئەو ڕۆژە چیای حەسەن بەگ لە هەر پارچەیەکی دڵە شەقارەکەیەوە ڕەنگێکی بۆ بەدیاری ناردرابوو، کە بەهەموویان ئاڵای کوردستانیان پێکهێنابوو، ڕەنگە ئەوە جاری یەکەمیش بوبێت کە چیای حەسەن بەگ ئاڵای کوردستانی بە دەستە ڕەقەڵەکانی بەرەو کەشکەشانی فەلەک بەرزکردبێتەوە. ڕەنگە تەنها بەو ڕەنگانە، ئەو چیا پشت کوورە تینوێتی تەواوەتی لە ئازادی شکابێ و لەگەڵ دوا فرمێسک و دوا دڵۆپی تواوەی بەفراوی ئەم زستان و بەهاری ئازادیەیدا، تەپوتۆزی کۆشکی دیکتاتۆری لەگەڵ خۆیا بەرەو بیابانەکانی ئەو خوارانە ڕامالّیبێ و بۆ هەتاهەتایە سەرەتانی عروبە و تەعریبی لە کۆڵ کورد و خاکەکەی کردبێتەوە. خۆش بەحاڵت چیای سەرکەشی حەسەن بەگ، خۆشبەحاڵتان ڕۆشنبیرانی ناوچەی سۆران.

* سوپاسێکی بێ پیان بۆ ئەو پەیامنێرەی کوردستان تی ڤی کە ئەو ڕاپۆرتەی ئامادە کردبوو.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت